**Fjölmenningardeild**
**Vinnumálastofnunar**
Multicultural Information Centre

VINNUMÁLA STOFNUN

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

Healthcare

**زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە تازەکی مافی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە ڵاتی ئایسلاندا**

Information for people who have just been granted the status of refugees in Iceland

## 1. بیمەی تەندروستیی ئایسلاندیی ( SÍ )

- لە وڵاتی ئایسلاند، پەنابەران هەمان مافەکانی دانیشتووانی تریان هەیە لە بیمەی نەخۆشیی و چاودێری تەندروستیی Sjúkratryggingar Íslands (SÍ) .
- ئەو کەسانەی تازە هاتوون بۆ ئایسلاندا ، ئەوانەی کە مافی پاراستنی نێودەوڵەتییان هەیە یان بە هۆکاری لایەنی مرۆڤایەتیی ئیقامەیان پێدراوە، چاوپۆشییان بۆ دەکرێت لە برگەی چاوەڕووانی بۆ ماوەی ٦ مانگ تا چوونە سەر سیستەمی بیمەی تەندروستیی SÍ .
- سیستەمی بیمەی تەندروستیی ئایسلاند بە شێدار دەبێت لە تێچووی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و ئەو دەرمانانەی دکتۆر بۆ ئەو نەخۆشانەی دیاری دەکات کە لەسەر سیستەمی بیمەی تەندروستین.
- بەڕێوەبەرێتی کار و باری بیانیان ( ÚTL ) زانیاریی پێویست دەنێرێت بۆ فەرمانگەی بیمەی تەندروستیی ئایسلاندی (SÍ) بە مەبەستی تۆمارکردنی پەنابەران لە سیستەمی بیمەدا.
- بۆ دانیشتووانی لادێ و شارۆچکەکانی دەرەوەی شار، دەتوانن داوایەک پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی برە پارەیەک ، یارمەتی دارایی  ساڵی دووجار لە بری تێچووی هات و چۆ و مانەوەیان بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر یان پشکنینی پزیشکی. پێویستە پێشوەخت داوا پێشکەش بکەیت بۆ وەرگرتنی هاوکاری ، ئەگەر نەخۆشییەکە کتوپڕ نەبوو . زانیاری زیاتر لەم لینکانەوە :

https://www.sjukra.is/heilbrigdisthjonusta/ferdakostnadur/

https://www.sjukra.is/heilbrigdisthjonusta/sjukrahotel/

## 2. دەروازەی مافەکانت لە سیستەمی تەندروستی ئایسلاندی Réttindagátt SÍ

دەروازەی مافەکان تۆماری زانیاریی ئەلەکترۆنی تایبەتە بە هەرکەسێک * لاپەڕەکانم* بۆ کۆکردنەوە پیشاندانی زانیاری و مافەکانی پەیوەست بە بیمەی تەندروستییەوە. لەوێدا دەتوانیت کات وەربگیرێت لەلای دکتۆری خێزانیی و دکتۆری ددان و ناردنی زانیاری و بەڵگەکان بۆ فەرمانگەی تەندروستی SÍ بە نمونە هەروەها بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی :

- ئایا مافی زیاتریان هەیە ، کاتی ئەوە هاتووە، کە فەرمانگەی SÍ هاوکاری زیاتری تێچووی خزمەتەکانی پزیشک یان کڕینی دەرمانیان بکات ، یان هەر خزمەتگوزارییەکی تری پزیشکیی .
- چاودێری ئەوەی کە ئایا ڕەچەتەی دکتۆر و تێچووی لای پزیشک گەشتۆتە لای SÍ  . ئەبێت بزانیت کە گرنگە زانیاریی ژمارە بانقیەکەت لە دەروازەکە تۆمار بکەیت بۆ ئەو مەبەستە .
- ئاستی بەکارهێنانی کارتی داشکاندن و لیستی دەرمانەکانت .
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیستەمی بیمەی نەخۆشیی ئایسلاندی بڕوانە :

https://rg.sjukra.is/Account/Login.aspx

## 3. خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

خزمەتە پزیشکیی و دروستییەکان لە ئایسلاند هەمەلایەنە و بە ئاستی خزمەتگوزاریی جیا جیا.

- بنکەکانی چاودێری تەندروستیی Heilsugæsla کاری خزمەتگوزاریی پزیشکیی گشتیی ، لە هەندێک بارد برینپێچیی هەروەها چارەسەری هەندێک ڕوداوی کتوپڕی سەرەتای و ساکار. پێشکەش دەکات لەرێگای پزیشکی خێزانەوە. گرنگی کاری ئەم بنکانە وەک بەردی بناغەی چاودێری دروستیین لە دەرەوەی ناخۆشخانەکاندا.

- نەخۆشخانەکان کراوەن بۆ ئەو کەسانەی خزمەتی زیاتریان پێویستە لە چاودێری پزیشک و مانەوە لە نەخۆشخانە. تەنها کادێری پزیشکی/پسپۆڕ دەتوانێت و بۆی هەیە داوا بکات بۆ چارەی نەخۆش لە ناو نەخۆشخانەدا. لەناو Landspítali لاندسپیتالیدا بەشی فریاکەوتنی کوتوپڕ و نەخۆشییە دژوارەکان هەیە. Eru ekki öll sjúkrahús með bráðamóttökur? . نەخۆشخانەکان دابەشن بەسەر نەخۆشخانەی پسپۆڕیی و نەخۆشخانەی شارۆچکە و لادێکان.

- خزماتگوزاریی پسپۆڕیی پێشکەشدەکرێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕ یان تیمی پزیشکیی تایبەتمەندەوە.

بە پێی یاسای مافی وەرگێڕان بۆ ئەو کەسانەی ناساغن و زمانی ئایسلاندیی نازانن ، نەخۆش بۆی هەیە داوای وەرگێڕ بکات بەو زمانەی لێێتێدەگات بۆ ڕوونکردنەوەی زانیاریی دروستیی و پلانی چارەسەر. پێویستە پێشوەخت کاری داواکردنی وەرگێڕ بکرێت لە بنکەی چاودێری پزیشکیی و نەخۆشخانە.

### 4. چاودێریی تەندروستیی

- بنکەی تەندروستی یەکەم شوێنی/خاڵی پەیوەندیکردنە بۆ کەسی ناساغ کە پێوستی بە چارەسەری پزیشکیی هەیە. تۆ خۆت دەتوانیت لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ڕێنمایی دەست بخەیت لە پەرستیار وکارمەندانی تەندروستی . بەڵام بە مەبەستی بینینی پزیشک پێویستە کات وەربگریت . لە بیرت نەچێت داوای وەرگێڕی بکەی ، گەر پێویستی کرد.

- لە حاڵەتی نەخۆشیی منداڵدا و پێویست بە پزیشکی پسپۆڕ ، پێویستە سەرەتا بچنە لای دکتۆری خێزان لە بنکەی چاودێری تەندروستی خۆتان و لەوێوە ڕەوانەی لای پسپۆڕتان بکات ، لەو ڕێیوە تێچووی سەردانی دکتۆر و دەرمانەکان زۆر نزم دەبێتەوە .

سەرپشکیت لە خۆ تۆمارکردن لەهەر بنکەیەکی تەندروستی نزیک بە شوێنی نیشتەجێت بە نیشاندانی پێناس ، کێنیتالا ، یان بەکارهێنانی پێناسەی ئەلەکترۆنیی Rafræn skilríki لە دەروازەی مافەکانی بیمەی تەندروستی ئایسلاندیی Réttindagátt sjúkratrygginga, ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

https://www.sjukra.is/media/frettamyndir/Hvernig-skoda-eg-og-breyti-skraningu-a-heilsugaeslustod---leidbeiningar.pdf

### 5. خزمەتگوزاریی چارەی دەرونیی و چارەسەری سروشتی

زۆرینەی زۆری پشپۆڕانی دەرون و چارەسەری سروشتی کلینیکی خۆیان هەیە و سەربەخۆ کاردەکەن .

- هەرکاتێک پزیشک نوسراوی کرد بۆ نەخۆش بۆ لای چارەسەری سروشتی، ئەوکاتە ئیتر دەزگای بیمەی نەخۆشی Sí هەتا ٩٠٪ ی تێچووی چارەسەر دابین دەکات.

- دەزگای بیمەی نەخۆشیی Sí بەشداری ناکات، پارە نادات، لە تێچووی چوونە لای دەروونناس لە کلینیکە تایبەتەکان، بەڵام دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت لە سەندیکا یان بنکەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاوکاریی کردنت لە تێچووی چارەسەر.

### 6. پێگەی تەدروستیی Heilsuvera

- هەیلسوڤێرا ؛ پێگەی تەندروستی شوێنێکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت https://www.heilsuvera.is/ بۆ هەمووانە تایبەت بە تەندروستی و کار و کاردانەوەکانی.

- لە هەیلسوڤێرا دا لە بەشی ،لاپەڕەکانم، دەتوانیت بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بکەیت بە کارمەندانی چاودێری تەندروستییەوە ، بچیتە ناو تۆماری تایبەت بە خۆتەوە و زانیاری بەدەست بخەیت.

- دەتوانیت بە بەکارهێنانی Heilsuvera کات دیاری بکەیت لەلای دکتۆری خێزان ، وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنین یان داواکردنی تازەکردنەوەی چارەسەر / ڕەچەتەی دەرمان.
- بۆ چونە ناو ، لاپەڕەکانم ، لە Heilsuvera ، پێویستیت بە پێناسی ئەلەکترۆنی هەیە.

## 7. دەزگاکانی چاودێری تەندروستیی لە چارۆچکە و لادێکان

چاودێری تەندروستی شارۆچکە و لادێکان دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی ناوچەی پەیوەندیدار :ا

ڕۆژئاوای وڵات https://www.hve.is/

دورگەکانی ڕۆژئاوا http://hvest.is/

باکوری وڵات https://www.hsn.is/is

ڕۆژهەڵاتی وڵات https://www.hsa.is/

باشوری وڵات https://www.hsu.is/

ڕەیکیانێس و دەروبەری https://www.hss.is /

زانیاری گشتی لەسەر دەرمانخانەکانی شارۆچکە و لادێکان :

https://info.lifdununa.is/apotek-a-landsbyggdinni/

## 8. چاودێری تەندروستی لە پایتەخت و دەوروبەری

- لە ناوچەی پایتەخت ١٥ بنکەی چاودێری تەندروستیی کار دەکەن لەم شوێنانە : ڕەیکیافیك ، سێلتیارنارنێس ، مۆسفێلس بایەر، کۆپاڤۆگور، گاردابایەر لەگەڵ هاپنارفیۆرذور.
- بۆ چاوپێداخشاندنێکی گشتیی لەسەر بنکەکانی چاودێری تەندروستیی لە پایتەخت و دەور وبەری ، نەخشەی شوێنەکان / Kort / فەرمون لێرە ببینن : https://www.heilsugaeslan.is/heilsugaeslustodvar/

## 9. خزمەتگوزاری پسپۆڕیی /تایبەتمەند

- پزیشکی پسپۆڕ و تایبەتمەند لە ناو نەخۆشخانەو لە عیادەی تایبەت کار دەکەن . لە هەندێک حەڵەتدا وا پێویست دەکات کە دکتۆری گشتیی خێزان ڕەوانەی پسپۆڕت بکات . بەڵام حاڵەتی تری پزیشکی نەخۆشییەکانی ژنان دەکرێت بە تەلەفۆن کات دیاری بکرێت .
- سەردان و چاوپێکەوتنی دکتۆری تایبەتمەند گرانترە لە سەردانی بنکەی چاودێری تەندروستی ، بۆیە ئامۆژگارییمان ئەوەیە لە دکتۆری خێزانەوە دەست پێبکە، لە Heilsugæslan

## 10. پزیشکی ددان

- بۆ کەسانی پێگەیشتوو سەروو تەمەنی ١٨ ساڵ ، دەزگای بیمەی تەندروستیی ئایسلاندیی ( SÍ ) بەشداری ناکات لە تێچووی لای دکتۆری ددان .
- کەسانی پەنابەر دەتوانن داوایەک پێشکەشی بنکەی خزمەتگوزارییەکۆمەڵایەتییەکان بکەن بۆ وەرگرتنی یارمەتی یان لە لایەن سەندیکاوە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی دکتۆری ددان .

- بیمەی تەندروستیی ( Sí ) بەشداری تێچووی دکتۆری ددانی منداڵ دەکات . لەکاتی سەردانی دکتۆری ددان تەنها ۲۵۰۰ کرۆنەی ئایسلاندیی دەدەیت بۆ منداڵەکەت ، ئەگینا وەکو تر پزیشکی ددان بۆ منداڵ و خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بێ بەرامبەرە .
- پێویستە بەلای کەمەوە ساڵی جارێک پشکنینی ددان بۆ منداڵ بکرێت ، تا رێ بگیرێت لە کلۆر بوون . چاوەڕێ مەکە تا ئەو کاتەی منداڵەکەت تووشی ددان ئێشە دەبێت .
- دەزگای بیمەی تەندروستیی ) Sí ) بەشداری دەکات لە تێچووی پزیشکیی ددانی بەساڵاچووان و ئەو کەسانەی کەم ئەندامن یان لەسەر موچەی ڕاهێنانەوەی تەندروستین.

## 11. خزمەتگوزاریی تەندروستی لە دەرەوەی کاتەکانی ئیشی ئاسایی

- لە کاتی پێویستی زۆردا بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی و بینینی دکتۆر لە دەروەی سەعاتەکانی ئیشی بنکەی چاودێریدا، ئەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ پزیشکی ئێشکگر لە ژمارەی 1700.
- دکتۆری بنکەکانی چاودێری لە لادێ و شارۆچکەکان ئێشکگرن لە سەر کار ئێواران و ڕۆژانی پشوی کۆتایی هەفتە . بە گشتی داوا لا هاووڵاتیان دەکرێت ، هانی ئەوە دەدرێن ، کە بە باشی سود وەربگرن لە نۆبەکاری بەیانیان ، هەروەها بەکارهێنانی تەلەفۆنی ژمارە 1700 في العمل في المساء وفي عطلات نهاية الأسبوع ، ولكن بۆ وەرگرتنی پرس و ڕای شارەزایان ، چونکە وەک ئەزانن جۆری خزمەت و چاودیرییەکان لە نۆبەی ڕۆژدا زیاترە وەک لە نۆبەکاری شەوانە .
- Læknavaktin/ پزیشکی ئێشکگر لە ناوچەی پایتەخت دەکەوێتە Austurveri في Háaleitisbraut 68، Reykjavík 108 ، ژمارە تێل. 1700 http://laeknavaktin.is/. ڕۆژانی کار دووشەممە تا هەینی کراوەیە لە سەعات ٥ ی دووانیوەڕۆوە هەتا سەعات ١١و نیوی شەو. ڕۆژانی پشوی تر کراوەیە لە سەعات ٩ ی بەیانییەوە هەتا سەعات ١١و نیوی شەو.
- خزمەتگوزاریی ئێواران و ڕۆژانی پشوو لای دکتۆری منداڵ لە دۆموس میدیکایە / Domus Medica لە ڕەیکیاڤیک، داواکردنی کات لە کاتژمێر 12:30 ڕۆژانی ئیش ، هەرچی ڕۆژانی پشووە لە کاتژمێر 10:30 وە .
- ژمارە تەلەفۆنی فریاکەوتن لە کاتی نەخۆشی کتوپڕ و کارەساتی نەخوازراو : 112 .

## 12. بەشی فریاکەوتن

- لە کاتی ڕوداوی کتوپڕدا ، کاتێک مەترسیی دەبێت لەسەر گیان و ماڵ، تەلەفۆن بکەن بۆ هێڵی فریاکەوتن 112 ، زانیاری ووردتر لەسەر هێڵی فریاکەوتن لێرەوە : https://www.112.is/
- لە هەموو دامەزراوە تەندروستییەکانی وڵاتدا هۆبەی فریاکەوتن هەیە . گرنگ ئەوەیە بزانیت شوێنی نزیکترین بنکە یان دەزگای چاودێری تەندروستیی لە کوێیە ، ئامادەکاریی باشت هەبێت بۆ کاتی ڕوداوی لە ناکاو .

## 13. بەشی فریاکەوتنی لە نەخۆشخانەی Landspítali


- هۆبەی فریاکەوتن لە فۆسڤۆگور Fossvogur هەمیشە کراوەیە ٢٤ سەعاتیی، بە درێژایی ساڵ . لە کاتی ڕوداوی کتوپڕدا یان بۆ نەخۆشی دژوار کە بنکەی چاودێری دروستی بە فریای ناگات. ژمارەی تەلەفۆن 5432000
- بەشی فریاگوزاریی منداڵ دەکەوێتە قاتی ئەرزی لە نەخۆشخانەی منداڵان Barnaspítali-Hringurلە Hringbraut هەمیشە کراوەیە ٢٤ سەعاتیی ، بۆ منداڵ گەنجانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ .ژمارەی تەلەفۆن 5431000. تکایە لە کاتی کارەسات و بریندارببوون ، زامدار، ڕوو بکەنە هۆبەی فریاکەوتنی فۆسڤۆگور.

- بەشی فریاگوزاریی دەروونی دەکەوێتە قاتی ئەرزی لە بینای نەخۆشییە دەروونییەکان Hringbraut. ژمارەی تەلەفۆن 5434050. سەبارەت بەم بەشە، دەتوانن لەکاتی تێکچوونی دەروونیی کوتوپڕدا ڕاستەوخۆ بڕۆنە ئەو شوێنە، بێ ئەوەی پێشوەخت کات دیاری کرابێت.
- ڕۆژانی کارکراوەیە لە کاتژمێر ١٢ وە بۆ ٧ ی ئێواران ، ڕۆژانی پشووی کۆتای هەفتەو ڕۆژە پشووەکانی تری ساڵ کراوەیە لە کاتژمێر ١ ی نیوەڕۆوە بۆ ٥ ی ئێواران . لە باری نائاسایی و ڕوداوی نەخوازراودا دەتوانیت بچیتە بەشی فریاکەوتن لە فۆسڤۆگور.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر فریاگوزاریی فریاکەوتنی Landspítali لێرەوە :

## نەخشە و شوێنی لاندسپیتالی لە هرینگبرۆیت

Kort af Landspítala við Hringbraut



بەشی فیاگوزاریی منداڵ / هرینگور

Bráðamóttaka Barnaspítala Hringsins



بەشی فریاگوزاری دەرونی

Bráðamóttaka geðdeildar



بەشی

فریاکەوتن فۆسڤۆگور

Bráðamóttaka Fossvogi

